www.kurdistannet.org
25-5-2006 16:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

## دۆستی وەک حازم یوسفیمان هەبێت دوژمنمان بۆ چییە!

ئەمڕۆ 24-5-2006 ئەسوات عێراق لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەندامێکی ناوەندەکەمان سەبارەت بەو پیشانگایەی بە نیازین بۆ 18 پاکیزەکەین بکەینەوە، هاوکات چەند پرسیارێکیشیان کرد لە بەڕێز حازمی یوسفی نوێنەری ینك لە قاهیرە، لە وەڵامدا بەڕێز حازم یوسفی بێدەربەستانە بەرامبەر بە مەترسیدارترین بەڵگەنامەی ئەنفال لێدوانێکی ترسناکی دا، بەوەی میسر لایەن نییە لەم تاوانە و هەوڵەکانی چاك کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر پەیوەندی میسری کوردی، بۆیە دەست هەگرتن لە گەڕان بە دوای چارەنووسی ئەو کچانە باشترە. ئەبێت ئێمە پەیوەندی کوردی میسریمان بۆ چی بێت لەسەر مێژوویەکی پڕ لە تاوان دامەزرابێت.
میسر سەرباری بە کۆیلەکردنی 18 پاکیزەی کورد، هەزاران تەن مادەی کیمیاوی و دەیان هەزار گولە تۆپی کیمیاوی و... داوە بە عێراق (بەڵگەی قاتعمان بۆ سەلماندنی لەبەر دەستدایە) ، بەمەش بەشدارە لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد، ئیتر حازم یوسفی و هەموو ئەوانەی بەرژەوەندی دەیان بەستێتەوە بەو وڵاتەوە ناتوانن جوانی کەنەوە. دەبوایا بەڕێزی نەك لێدوانی بێدەربەستانەی لەم چەشنە نەدایا، بەڵکە پێی نەنگی بوایا هەر لەو وڵاتە بمێنێتەوە.
داوا لە ینك دەکەین هەڵوێستی فەرمی بدەن سەبارەت بەم لێدوانەی بەڕێز حازمی یوسفی، کە پێشتریش دۆستانی ئێمەی لە میسر نموونە " دورییە عەونی " ساردکردۆتەوە لە هەوڵەکانیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو 18 پاکیزەیە.
بە کاك یوسفی و هەموو ئەوانەی کۆمەڵکوژییەکانی گەلەکەمانیان پێ گرنگ نییە ڕادەگەیەنیین، ڕێگە بە هیچ کەس و لایەنێك نادەین مامەڵە بە کێشە چارەنووس سازەکانمانەوە بکەن، داهاتووی ئێمە پەیوەستە بە هەڵوێستمان لە سەر کارەساتەکانی ڕابردوو.
نەك واز ناهێنین لە هەوڵەکانمان بۆ دیارییکردنی چارەنووسی ئەو 18 کچە، بەڵکە بە هاوکاری گەلەکەمان و تەواوی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان، لە ناویشیاندا لایەنگران ئەندامانی پارتەکەی کاك یوسفی لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین تاکو چارەنووسیان ئاشکرا دەکەین، هیچ پەیوەندییەکیشمان ناوێت لەگەڵ حکومەتێکدا کچانمانی کۆیلە کردبێت، بە چەکە کیمیاوییەکەشی کیمیاباران کرابین.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك
2004-5-24

سەیری لێدوانەکەی کاك یوسف حازمی بکەن:

**http://www. aswataliraq. info/modules. php?op=modload&name=News&file=article&sid=20095&mode=thread&order=0&thold=0**
**http://www. kurdistancp. org/regay%20kurdistan/691/7. pdf**
**http://www. hewal. org/pages/he/180-8. pdf**